خۆپیشاندانەکەی کەلار: خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە

مەحمود رەزا ئەمین: هۆڵاند
کارگێڕی راگەیاندنی مەڵبەندی دەرەوەی (ی.ن.ك)

ئەم وتارەی بۆ نوسەر (مەحمود رەزا) لەبەر رۆشنای خۆپیشاندانەکەی کەلار نوسراوە لەبەر دریژی بابەتەکەو بە ڕاپرسی لەگەڵ بۆ نوسەردا و پاش رەزامەندی خۆی ئەو بەشەی کەلارمان لێ لابرد.
هاوڵاتی

سەرچاوەی نارەزایی خەڵك
ئەم هاوینە بۆ بەسەربردنی پشوی هاوینە، شەش هەفتە لەکوردستان بووم. ئەوەی لەدوورەوە لەسەر گەندەڵی و ناعەدالەتی ئەم بیست، بەچاو دیم.

لەگەڵ زۆر کادرو لێپرسراوی حیزبی بیروڕام گۆڕییەوە. کە ئەمپرسی: بۆچی ئەو پارەیەی بە عەشایەرو خواپێداوەکانی ئەدەن، نایکەن بەپرۆژەی خزمەتگوزاریو ئەنتاجیی بەکەڵك بۆ ناوچەکان؟ ئەیانوت: خەڵك بەوە نازانێ، تا ئێوارە پرۆژەی بۆ بکە، لەلای، نرخی دینارێکی ناو گیرفانیی نییە!

ئەو بۆچونە هیچ بناغەیەکی زانستیی نییە. خۆپیشاندانەکانی خەڵکی رانیەو کەلار پشتیوانیی لە پووچو بەتاڵیی قسەی وا ئەکەن. ئەگەر حکومەت پارەکانی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کارەبا، ئاو، سوتەمەنی، سەکەنو ئەوانی تردا خەرج بکاو بەبڕی پێویست بەرهەمیان بهێنێ، خەڵك بۆچی خۆپیشاندان رێك ئەخەن؟ بەڵام کە نەبوون، با گیرفانی خەڵك بەپارە ئینتەلا بکا، بچن لەکوێ بیانکڕن؟ با کابرا موچەیەکی قەڵەوشی هەبێ، ئەگەر ئاوو کارەبای بڕاوو، پێدارویستییە ژیانییەکانی تر، بە پارەکەی گیرفانی نەیەنەوە، چ لە پارەکەی بکا؟ یان با گیرفانو مالی فلان یان فیسار سەرۆك ئێل، سیخناخ بن لە پارەی یەکێتی یان پارتی، ئەگەر خەڵك پێویستییەکانی ژیانیان نەبێ، پارەی زۆری سەرۆك خێڵەکەی، بە ئەو چی؟

هەردوو ئیدارەی یەکێتیو پارتی، جوتیاریان لە گوندەکاندا نەهێشت، هەمویان کردن بە پۆلیسو ئاسایشو موچەخۆر. ئەم سیاسەتە لەسەر باری ئابوری، سیاسی، کۆمەلایەتی، دیموگرافی، جیوپۆلەتیکی کوردستان چەند دەرهاویشتەیەکی خراپی ئەبێ.

هەردوو حیزبو هەردوو ئیدارەکەیان، بەهۆی روخانی رژێمی سەدام حوسێنو هەلگرتنی ئابلۆقەی ئابوورییەوە، سالانە پارەیەکی زۆر لە حکومەتی بەغدا وەرئەگرن، کە بریتییە لە ڕێژەی ١٧٪ ی داهاتی نەتەوەیی عێراق. بڕی ئەو پارەیە لەنێوان هەردوو ئیدارەکەدا، بەش ئەکرێ. بەشەکەی پارتی چەند سەد ملیونێکی لە هینەکەی یەکێتی زیاترە. هی هەرکامیان بگری بەشی ئەوە ئەکات، بە گوێرەی پلانی زانستی، کێشە گەورەو بنەڕەتییەکانی کۆمەڵی پێ چارەسەر بکەی، بیمەی بێکاری، بێکارانی کوردستانیشی پێ بدەی. ئەم دوو حیزبە، کە خاوەنی هەردوو ئیدارەکەنو بەمانای وشە هەریەکەیان لە ناوچەی خۆی، حیزبی فەرماندەو فەرمانڕەوایە، لەباتی ئەوەی پارەکە لە بوژاندنەوەی ژێرخانی کۆمەڵدا سەرف بکەن، خەڵکی پێ لەخشتە ئەبەن. لە نێوان هەردوکیاندا پێشبڕکێیە کامیان ئەتوانێ زۆرترین عەشرەت لە عەشایەرەکانی کوردستان، بەپارە بۆلای خۆی ڕاکێشێ. خەڵکی کوردستان بەچاو ئەیینن، کە هەمویان هەڵبژاردنەکان نزیك ئەبنەوە، ئەم دوو حیزبە چۆن بەبەرچاویانەوەو لەسەر شاشەی تەلەفزیونەکانیان، پارە ئەڕێژن، بۆ کرێنی دەنگو کرینی وەلا.

ئەوەی ئەم دوو حیزبە ئەیکەن، لەهەر وڵاتێکی دیموکراسی، کە یاسا تیایدا سەروەر بێ، شتی وا بکرێ، بکەران بەتۆمەتی کرینی دەنگو کرینی وەلا، ئەهێنرێنە گیروگاز.

سیاسەتی ئەم دوو حیزبە، لە سیاسەتی ئەو جوتیارە ئەچێ کە، لە باتی ئەوەی زەوییەکەی بکا بە باخی بەری، یان پرۆژەیەکی بەرهەمهێنەری درێژخایەنی باش، هەمو ساڵێ ئەیکات بەشوتی. ئەگەر ساڵی بێ، پارەیەکی باشی دەس ئەکەوێ. گەر ساڵیشی نەبوو، ئەوا مایەپوچ، دەستی لەشانیەوە دێتەدەر.

بەهەمان دەستوور، ئەم دوو حیزبە پێیان وایە بەخشینەوەی پارە بەسەر خەڵکو پیاوانی بەنفوزدا، زووتر بەرهەمی ئەبێ. ئەگەر جوتیارێکی نەفام یان بازرگانێك وەها بیر بکاتەوە، ئاساییە، بەڵام ئەگەر حیزبێك کە قیادەی کۆمەڵ ئەکات، وەها بیربکاتەوە، خەتەرێکی گەورەیە. ئەمە ئەگەر دەلالەت لە شتێ بکا، لەوەی ئەکا کە، حیزب کورت بینەو هەمیشە بەدوای دەسکەوتی کاتیو بەپەلەوەیەو، بیری لەلای ستراتیجو بیناکردنی کۆمەڵو ئابووری پێشکەوتوو، نییە. بەڵکو عەودالی دوای کەسبی حیزبیو، لەپاڵ ئەویشدا، پێڤەلگری کەسبی شەخسییە.

بەگوێرەی هەندێ زانیاری، ژمارەی موچەخۆرانی کوردستان، کە هەمویان خزێنراونەتە ناو کەرتی بەرخواردنو خزمەتگوزاری، لە ٧٥٠٠٠٠ ی تێپەڕاندوە. ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە لەچوارکەس یەك کەس فەرمانبەرە. واتە بۆ هەرسێ کەسێك، موچەخۆرێك هەیە. رێژەی وا لەسەرتاسەری دنیادا نمونەی نییە.

ئەمە وای کردوە کوردستان بەگشتی و، سلێمانی بەتایبەتی تووشی هەڵاوسانی دراو بێ. ئێستا سلێمانی لە سەرتاسەری کوردستانو عێراق دا گرانترین شارە. گرانترین خواردن، گرانترین پۆشاك، گرانترین مەتری عەرز، گرانترین چیمەنتۆ، گرانترین خشت، گرانترین کرێکار، لەم شارەدن.

هەندێ جار لێپرسراوان پاساوی گرانیی بەوە ئەدەنەوە کە، لە سلێمانی پرۆژە زۆرەو لە باری ئابورییەوە بوژانەوە هەیە. بەڵام لە راستی دا گرانی سلێمانی، پەیوەندی بە هەڵاوسانی دراوەوە هەیە، نەك بە بوژاندنەوەی ئابورییەوە. چونکە بەگوێرەی زانستی ئابوری، بوژاندنەوەی ئابوری بریتییە لە: زیادکردنی هەمیشەو بەردەوامی بەرهەمی نەتەوەیی یان محەلی. پرسیار ئەوەیە: ئاخۆ لە کوردستانو سلێمانیدا هیچ شتێ بەرهەم ئەهێنرێ، تا بوترێ ئابوری بوژاوەتەوە؟ لەکوردستانو سلێمانی تەنانەت هەمو جۆرەکانی بەرهەمی کشتوکاڵیش لەدەرەوەی هەرێمەوە ئەهێنرێن.

کوردستان لەسەر ئابوری رەیعی ئەژی. ئەوەی ئێستا لەوێ هەیە پێنی ئەوترێ: بوژاندنەوەی دروزنانەی ئابوری. ئەمەش لە رژاندنی پارەوە هاتوە، نەك لە بینا کردنەوەی ژێرخانی کۆمەڵەوە. کە ئەگەر ڕووبدا، ئەبێتە هۆی بوژاندنەوەی راستەقینەی ئابوری.

زۆربوونی ژمارەی موچەخۆرانو زیادبوونی بڕی موچەی موچەخۆرانیش، کە جۆرێك لە باشبونی گوزەرانی خەڵکی لێکەوتۆتەوە، ئەوانیش پەیوەندییان بە نەشوناکردنی ئابورییەوە نییە، بەڵکو ئەمجامی زۆربوونی پارەی نەختینەن لەدەستی ئیدارەکانی کوردستان دا. هەر لەبەر ئەوەشە کە تادێ، نرخی شتومەکی پێویست گران و گرانتر ئەبێ. بەوشێوەیە هەر چەند مانگ جارێ بڕی ئەو پارە زیادەیەی ئەچێتە سەر موچەی موچەخۆران، بەهۆی نەبونی بڕی پێویست لەکالای پێویست و، بەرهەم نەهێنانیان لە ناو هەرێمدا، بەرزبوونەوەی نرخ هەڵسی ئەلوشێ و، ئاستی گوزەران بەبەردەوامی لە پلەیەکی نزمدا ئەهێڵێتەوە.

لێرەدا قسە لە موچەی ئەو کەمینەیە نییە کە ئیمتیازێکی زۆریان بە خۆیانو دەوروبەریان داوە و، بەبێ سنورو یاسا پارەو موچەیان لەزیاد بوونە. بەڵکو مەبەستە ئەو زۆرینەیە کە سەرچاوەی ژیانیو بژێوی خێزانی، موچەیەکی دیاریکراوە. ئائەم پاشاگەردانیو ناعەدالەتیو بێ بەرهەمییەیە کە، نارەزایی خەڵك، بەردەوام بۆ سەرەوە ئەبا. خۆپیشاندانی خەڵکی رانیەو کەلار لەمەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەوەی ئەم هاوینە لەکوردستان بینم، ماف ئەدا بە خەڵکی هەمو شارو ناوچەکان، لەدەست گەندەڵیو ناعەدالەتیو پاشاگەردانی و، بێقانونیی لە هەمو شتێکدا، خۆپیشاندان ئەنجام بدەن یان مان بگرن.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ خۆی ئەسەپێنێ: ئەگەر توانای مادیو نەختی هەیە کە، هەموو خەڵکی کوردستان کەم تازۆر موچەیان هەبێ، بۆچی بەگوێرەی یاسا زەمانی کۆمەڵایەتی یان بیمەی بێکاری بۆ خەڵك نابرنەوە؟ بۆچی بەوشێوە بێ سەروبەرەیە پارە تەخشانو پەخشان ئەکەن؟ بۆئەم پرسیارە ڕووی دەمم تایبەت لە حیزبەکەی خۆمە، کە خۆی بە حیزبێکی سۆسیال دیموکرات ئەزانێ. بەدیهێنانی دادی کۆمەڵایەتیش بەکێکە لە کۆڵەکە بنچینەییەکانی سۆسیال دیموکرات.

دەرهاویشتە خەتەرەکانی سیاسەتی هەڵەی مالیو ئابوری حیزبەکانو حوکمەتەکانیان:

١/٤ حیزبەکان وەکو بازارەکانی کوردستانیان نوقمی پارە کردوە، لایەنێکی زۆر گرنگیشیان ئیهمال کردووە، کە بوژاندنەوەی سیستمی بانکییە. ئەکرێ بە چالاککردنی سیتمی بانکیو بەخشینی هوشیاریی بانکیی بە هاوڵاتیان و، دانی قازانج لەبەرامبەر دانانی پارە لە بانکدا، ئەو پارە زیادەیەی ناوبازار، کە بۆتە بەڵا بۆ خەڵك، راکێشنە ناو بانکەکانو وڵاتی پێ ببوژێننەوە. ئەنجام نەدانی ئەمە، یان هەوڵنەدان بۆی، دوو گومانی لەلای منو خەڵکی تریش دروست کردوە: کاربەدەستان یان بیری ستراتیجی یان تەسکە، یاخود وای بۆئەچن کە، قازانجی تایبەتییان لەو پاشاگەردانییە، دایە.

ئێستا ئەمەریکا وازی لەکوردستان هێناوە. سێگۆشەی سوننە هۆشی پێنەهێشتوە. نایەوێ دەرگای شەڕێکی تر لەخۆی بکاتەوە. لەبەر ئەوەیە کە چاوی لەهەردوو حیزبو هەردوو ئیدارەکە پۆشیوە، بێ حیساب و کیتاب پارە تەخشانو پەخشان بکەن.

ئەمەریکا چونکە لە بەغدا دەستی لە دارشتنو دیاریکردنی میزانییەی گشتی دا هەیە، ڕێگەنادا ڕێژەی ئینفاقی عام لە ڕێژەی ٢٠٪ ی میزانییەی گشتیی تێپەڕێ. باقی میزانییەکە کە ٨٠٪ ییە، بۆ بیناکردنەوەی ئابوری ولاتو بیناکردنەوەی سوپای عێراقو خوێندن و...هتد خەرج ئەکرێ. کەچی ڕێژەی ئینفاقی عام لە کوردستان نزیکەی ٦٠٪ ی میزانییەی گشتی کوردستانە. ٤٠٪ ی ئەمێنێتەوە بۆ بیناکردنەوەی ژێرخانی کۆمەڵ. ئەوەش وا خەرج ئەکرێ کە خەڵکی کوردستان بەچاوی خۆیان ئەیبینن: پرۆژەیەك ئەدەن بە بەڵێندەر یان کۆمپانیایەك، پەیاننامەی لەگەڵ مۆرئەکەن. هەموو پەیاننامەیەك شەرتوشروتی خۆی هەیە، کە ئەگەر لایەك لەلایەکان پێشێلی کرد، ئەبێ شەرتی جەزایی بدا. بەبێ هەڵاوێردن شەرتوشروتی هەمو پرۆژەکان، لەلایەن بەڵێندەرو کۆمپانیاکانەوە پێشێل ئەکرێن، بەبێ ئەوەی حوکمەت شەرتی جەزاییان لێ بسەنێ. کەم پرۆژە هەیە لەکاتی خۆی و بە گوێرەی شەرتوشروتی هونەریی داواکراو، تەواو ببێ. ئەمە هەمووی لەو ڕێژەی ٤٠٪ ی میزانییە ئەخوا. بەواتایەکی تر: پارەی میلەتەو بەخۆڕایی ئەڕوا.

جیاوازی نێوان ئینفاقی عام لە بەغداو هی ئینفاقی عام لە کوردستان نزیکەی ٤٠٪ ە. ئەمە بەپارە بڕێکی خەیاڵییە. ئەم بڕە پارەیە، ئەو پارەیەیە کە هەردوو حیزب، لەباتی ئەوەی لە بوژاندنەوەی ئابوری ولاتدا بەکاری بهێنن، لە موچەی ئەو فەرمانبەرو پۆلیسو ئاسایشانەو، ئەو فەرمانبەرە (مالنشینە) وەهمییانەدا سەرفی ئەکەن، کە بۆ کرینی وەلاو زیادکردنی نفوزی حیزبی، تەعینیان ئەکەن، یان موچەیان بۆ ئەبڕنەوە.

ئەگەر عێراق ئارام بێتەوەو دەستووری هەمیشەیی ئیقرار بکرێ، ئەمەریکا ڕێگە بە هەرێمی فیدرالی کوردستان نادا، ڕێژەی ئینفاقی عام لە ٢٠٪ تێ پەڕێ. پرسیار ئەوەیە: ئەوکاتە ئەم دوو حیزبە چی لەو سوپا موچەخۆرەی کوردستان ئەکەن؟ چۆن ئەتوانن بە ڕێژەی ٢٠٪ ی میزانییەکەیان، موچەی ٧٥٠٠٠٠ کەس بدەن؟ ئەگەر لەئێستاوە فریای خۆیان نەکەون، ئەوا وەکو چۆن ئێستا بەلێشاو خەڵك بنێرنە مالەوە و، هەرچی موچەی وەهمی یە ببڕن.

ئێستا پرسیارێك خۆی سەپاند: یەکێك لە ئەرکەکانی پەرلەمان چاودێری کردنی هەڵسوکەوتی حکومەتو باری سیاسیو ئابوری ولاتە، ئاخۆ پەرلەمان ئاگای لەو وەزعو خەتەرانەیە؟ ئەگەر بەڵێ، بۆ ناجوڵێ بۆ بەرگرتن لەڕوودانی؟ ئەگەر نەخێر، هیوادارم ئەو ئەندام پەرلەمانەی ئەم وتارە ئەخوێنێتەوە، بیگەیەنێ بە جێگەی خۆی.

ئەم وەزعە ئابوریو سیاسییەی ئێستای کوردستان، کە هەردوو حیزبو هەردوو ئیدارە خولقاندویانە، بە وشکە کەڵەکێك دێتە بەرچاو کە، هەردووکیان بەدەوری خۆیانا هەڵیان چنیوە، بەبێ ئەوەی دەرگای دەربازبوونیان بۆ کردبێ. ئەم دوو حیزبە بۆچی دەست بە چاکسازی ناکەن؟ یان بۆ وردە وردە زانیاری بەخەڵکو جەماوەری خۆیان نادەن، تا سبەی ڕۆژێ خەڵك لەپڕ نەکەونە ناو قەیرانەکەو توشی شۆك نەبن؟

بەڵام ئەگەر فریاکەون ژێرخانی ئابووریو سیستمی بانکی ببوژێننەوە، دەرگایەك بۆ وشکەکەڵەکە کە، دروست ئەکەن:

یەکەم: ئەگەر ژێرخانی ئابوری بوژایەوە، فرسەتی کاری بەرهەمدار بۆ خەڵك زۆر ئەبێ و، کەرتە بەرهەمهێنەرەکان ئەتوانن ئەم سوپا بێکارە پەرچەمدارە (البطالة المقنعة) ی ئێستا هەڵلوشن. ئەوکاتە ئابوری بەراستی، نەك بەدرۆ، ئەبوژێتەوەو داهاتی نەتەوەیی یان محەلی زیاد ئەکا. بەشێوەیە ئاستی گوزەرانی خەڵك بەراستی بەرزئەبێتەوە و، دیاردەی هەڵاوسانی دراو لەبەین ئەچێ و، نرخی شتومەك دائەبەزێ.

دووەم: ئەگەر لەئێستاوە خەڵك بە دانی قازانج پێیان، هاندران و، بە دانی زانیاری پێیان، ڕاهێنران پارەکانیان لە بانك دا، دابنێن، ئەتوانن پارە پاشەکەوت بکەن. هەروەختێ موجەیان برا، بڕێ پارەیان ئەبێ، تا کونێك بۆ ژیان ئەدۆزنەوە، خۆیانی پێ بژێنن. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە، ئەمە ڕێگە خۆش ئەکا بۆ کەڵەکە بوونی سەرمایەی نیشتمانی، کە بەبێ وەدیهاتنی ئەستەمە بتوانین لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی جیهان دا، هەنگاوی دروست بنێین.

چالاککردنی کەرتی ئابوری بانکیی، هەم پارەیەکی زۆری نادیار، کە ئێستا لەناو گیرفانی خەڵکو لە کونەدیوارو ناو دۆشەکو سەرین دا، وەکو کاغەزی بێ نرخ، ئەمبارکراوە، ئەهێنێتە ناو بانکەکانو توانای وەبەرهێنانی مادی دەولەت بەهێز ئەکا، هەم لە پاشەڕۆژدا، لە کاتی ئیزندانی ئەو سوپا موچەخۆرەدا، سەرێشەیەکی کەمتر توشی حیزبو حوکمەت دێ.

خۆ ئەگەر هیچیان نەکەن، ئەوا ئەبێ چاوەڕێ بن، ڕۆژێ لەڕۆژان خەڵك پەلاماری بارەگاکانیان بدەن و، داوای دابینکردنی سەرچاوەی ژیانیان لێ بکەن. ئەوکاتە هێز نییە بتوانێ بەر بەنارەزایی خەڵك بگرێ.

٢/٤ بەموچەخۆرگرتنی خەڵکی گوندەکان، کۆمەڵێ دەرهاویشتەی خەتەری لێ کەوتۆتەوە. لەوانە:

جوتیارو کرێکاری کشتوکاڵیی لە گوندەکان نەماون. کەرتی ئابوریی کشتوکاڵی گوزری گەورەی بەرکەوتووە. ئەمە خەتەر لەسەر ئاسایشی خۆراك دائەنێ. سەیرکەن هەرچیی خۆراكو خواردەمەنییە، لەدەرەوەی هەرێم بەدراوی قورس (دۆلار) ئەهێنرێن بۆ کوردستان.

ئەو دیاردەیەی سەرەوە زەربە لە تەرازوی بازرگانیی دەرەوە(میزان التجارە الخارجیە) ئەدا.

گوندنشینەکان کە لەشار ئەبن بەموچەخۆری دەوڵەت، بارگەو بنەیان دێننە شارەکان. ئەم پرۆسەیە لەیەك کاتدا چەند خەتەر دروست ئەکا: چۆڵکردنی گوندەکان زەربە لە دابەشبونی دیموگرافی دانیشتوانی کوردستان ئەدا. تێکچوونی باری دیموگرافی، خەتەر لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دائەنێ. لەشاریش، زۆربونی بێ بەرنامەو لەپڕی دانیشتوان، گوشار لەسەر توانای دەوڵەت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ هاووڵاتیان، دائەنێ. ئەمیش نەخۆشییەکی تر بەدوای خۆیا ڕائەکێشێ کە بریتییە لە زیادبونی نارەزایی، لەئەنجامی بەشنەکردنی توانای خزمەتگوزاری پێویست. ئەمەی دوایی ش خەتەری تێکچونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیا ئەهێنێ. کار بەم شێوەیەی ئێستا بڕوا، دەوڵەت هەرگیز ناتوانێ کێشە ئەساسیو بنچینەییەکانی وەکو قەیرانی: ئاو، کارەبا، سوتەمەنی، تەندروستی، پەروەردەو خوێندن، سەکەن و، ئەوانی تر چارەسەر بکا.

خەتەرێکی تری دیموگرافی ئەوەیە کە، زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان لەچەند شارێکدا کۆئەبنەوە. ئەمەش لە حاڵەتی هەبوونی شەڕو نائارامی دا، خەتەرو دڵەڕاوکێو سەرئێشەیەکی گەورە بۆ دەوڵەت ئەسازێنێ. با هەمیشە لەبیرمان بێ، دەرو دراوسێو عەرەبی سوننەو شیعە لە عێراق چۆن بچوکترین مافی نەتەوەییمان پێ ڕەوا نابینن و، ئەوەی تائێستا بەخوێنی ملیۆنان شەهید بەدەستمان هێناوە، بەزۆری ئەزانن پێمان. هەروەختێ گێچەڵمان پێبکەن، زۆرێو چرپەی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان و، کەمێو بلاوی گوند نشینەکان، ئەبنە خەمی گەورەو خەتەری جدی، لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی مان.

لەئەنجامی بەش نەکردنی ئاو بۆ خەڵکی شاری سلێمانی، لە ساڵانی ڕابردوودا، بەبێ هیچ حسابێکی زانستی، یانی بەگۆترە، ژمارەیەکی زۆر بیری ئیرتیوازی لێدراون. ئەو بیرانە هەم خەتەریان لەسەر ئاوی ژێرزەوی دروستکردوە، هەم زەردەیان لە پێکهاتەی قوڵایی ژێر زەوی داوە و، بوونەتە مەترسی بۆ زیادبوونی هێزو ژمارەی بوومەلەرزە، لە سلێمانیو دەوروبەریدا.

٣/٤ لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا، بەلێشاو خەڵکی گوندەکان کراون بە موچەخۆر. زۆربەی هەرە زۆریان کراون بە پۆلیسو ئاسایش. ئەمە ئەو دوو دەزگایەی، هەم قەبە کردوە، هەم تاپادەیەك، پۆخڵ. پۆخڵ بەو مانایە نا کە پیاوی خراپ، یان بەرتیل خۆر خزابێتە ناویان. بەڵکو بەو مانایەی کە لەتوانای پسپۆڕیی دەزگاکانی دابەزاندوە. ئەم موچەخۆرە نوێیانە، زۆربەیان نەخوێندەوارن یان پلەیەکی خوێندەواری نزمیان بڕیوە. لە ڕێگەشەوە ئەهێنرێن، چەکیان ئەدرێتە دەستو ئەنێردرێنە شوێنی کار. بەبێ ئەوەی ڕابهێنرێن چۆن چۆنی مامەڵەی هاوڵاتیان ئەکەن. هەرئەمەشە وای کردوە کە زۆربەی کات بە شێوەی شیاو مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتی ناکەن. ڕەنگە یەکێك لەدەرهاویشتە خراپ و خەتەرەکانی ئەم سیاسەتە، ئەوەبێ کە پۆلیسو ئاسایش لەکاتی خۆپیشاندانی هاوڵاتیان دا، زوو ئەعساب لەدەست ئەدەنو بەتەقە بڵاوە بە خۆپیشاندەران ئەکەن. وەکو ئەوەی لە تەموزی ئەمساڵ دا لەسلێمانی و، لە ٩/٧ دا لەکەلار ڕوویاندا.

باشتر نییە، حوکمەتی هەرێم، لەباتی ئەوەی ئەمو هەمو پارەیە، بەموچەی ئەو هەمو پۆلیسو ئاسایشە، بەخۆڕایی خەرج بکا، لە ڕاهێنانیان و بەرزکردنەوەی پلەی شارەزاییو پسپۆڕیی ژمارەیەکی دیاریکراو دا سەرفی بکا؟ کە بێگومان خێرێکی زۆر زیاتر، بەئاراستەی پتەوکردنی ئاسایشی سەروماڵی هاوڵاتیان و، بەمەدەنی کردنی کۆمەڵدا، ئەداتەوە. با لەباتی ئەوەی ئەمو پارەو پولە، لەزیادکردنی ژمارەی پۆلیسو ئاسایشدا سەرف ئەکەن، تیمی تایبەتی بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندەراندا، دروست بکەن. با لەباتی ئەوە، تیمی تایبەتی بۆ ڕوبەڕووبونەوەی کارەساتی سروشتیو جەنگیی پەروەردە بکەن و، بەئامێڕی نوێو پێشکەوتو تەلاریان کەن.

٤/٤ ئەو ژمارە زۆرو بێ شومارەی لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا کراون بە موچەخۆرو فەرمانبەر، چەند دیاردەیەکی زیانبەخشی لێ کەوتۆتەوە: زۆری ژمارەیان لە هەمو دایرەو فەرمانگەیەك دا، ڕۆتینی کوشندەی زیاتر کردوە. بەرهەمی تاکە کەسی دابەزاندوە بۆ نزمترین ئاست. مەسرەفی ڕۆژانەی دایرەکانی زیاد کردوە. ڕێژەی هەڵاوسانی بێکاریی پەرچەمدار(البطالة المقنعة)ی بەرز کردۆتەوە.

ئەم هاوینە کە چوومەوە بۆ کوردستان، ڕۆژێ چووم بۆلای یەکێك لە هاوڕێ دیرینەکانم. فەرمانبەرێکی گەورەیە لە دیوانی یەکێك لە وەزارەتەکان. کە چووم لەژوورەکەی خۆی نەبوو. دوو فەرمانبەری تر لە ژورەکەدا بوون، بە کۆمپیوتەر یاری ناپلێونیان ئەکرد. بە گەیشتنی من یەکێکیان ژوورەکەی جێهێشت. کە پرسیاریم کرد، یەکێکیان، کە دەرکەوت خانەخوێی ژوورەکە بوو، بە عەبوسیی وەڵامی دایەوە: نازانم لە کوێیە...جا بۆ، لەسەر کورسییەکەی دانەنیشێ؟ زیاتر لە نیوسەعات چاوەڕێم کرد تا هاتەوە. لەو ماوەیەدا کە من دانیشتبوم، فەرمانبەرە عەبوسەکە، کەپاشتر زانیم پلەی وەزیفیی لە هاوڕێکەم گەورەتر، هەر خەریکی یاری ناپلێون بوو. نازانم چەند وەخت پێش گەیشتنی من دەستی پێکردبوو. وە نیعمەل موزەف!

ئا ئەوە نمونەیەکی بچکۆلەیە لە بەتاڵەی پەرچەم دار. ئەگەر ئەمە حاڵی سەدان هەزار کەسی موچەخۆر بێ، بیهێنە بەرچاوت، چەند پارەی ئەم میلەتە بەخۆڕایی ئەڕوا!

ئەگەر حیزبەکان بەتەمابن بەم شێوەیە بێکاری لەکوردستان نەهێڵن، وەکو ئەوەیە، لەباتی چاوەڕشکردن، کۆبڕی کەن. بۆ نەهێشتنی دیاردەی بێکاری، باشترە یاسایەك بۆ دانی بیمەی بێکاری دابنێن. کە بەدڵنیاییەوە بەشی ئەوەندە پارە هەیە، ئەم یاسایەی پێ جێبەجێ بکرێ.

بۆ لاپەڕە ٢٣